

د. ئازاد عەبدلواحێد کەریم

# دیالێکتیکی ژیان و مردن لە دەقی شیعری "بۆ هیوای کوڕم"ی گۆراندا

«لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەیی پراکتیکییە»



چییە توخوا چ سیرڕێکە کە وەها مەحکومی گریانی
کە تۆ هێشتا لە خەم ناگەی لە مەعنای گریە نازانی
ئەگەر وەک باوکە حەسرەت دیدەکەت زەهرت بچێژایە
زەمان گەردی ئەمەلتی گشت بەدەم باوە بپێژایە
لە ناو کڵپە و بڵێسەی نائومێدی و حەسرەتا یەکسەر
بسووتایە بەهاری عومری جوانیت هەم گوڵ و هەم بەر

بزاڤی شیعری نوێی کوردی گۆڕانکارییەکی چۆنیەتی و ڕەوتێکی مێژوویی بوو، لەمیانەی بەخششێکی فیکری و ئیستاتیکیی ئەدەبیاتی کوردیدا بەرجەستە بوو، ئەوەبوو دیدێکی هونەریی پێچەوانەی بۆماوە شیعرییە تەقلیدییەکەی لە ناخی شاعیراندا بەرپا کرد. ئەزموونی ئەدەبی شێوە بۆچوونێکی مرۆڤایەتی ئافەریدە دەکات، واقعیش لە ململانێیەکی هەمیشەیی و ڕەوتێکی بەردەوامدایە، بەو پێیە چالاکیی شاعیر، لەو ساتەوە کە ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە لە میانەی شیعرەکانیدا سنوورکێش دەکرێت، بەدیار دەکەوێت. چونکە هیچ کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی نییە بەبێ کێشە بێت. هەروا ئەدەبەکەشی ڕەنگدانەوەی ئەزموونەکانی دژواری و مەرگەساتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە. بۆیە شاعیر دەبێت پەیامدار بێت و بە بەرقەرارکردنی تەبایی و ئاشتی پابەند بێت، کە لە چوارچێوەی شیعردا ئەو ئەرکەی پێ سپێردراوە.

**شاعیر دەبێت پەیامدار بێت و بە بەرقەرارکردنی تەبایی و ئاشتی پابەند بێت**

ئەو بارودۆخەی پاش جەنگی یەکەمی جیهانی بۆ ئەدەبیاتی کوردی ڕەخسا. زەمینەی بۆ نوێکردنەوەی شیعری کوردی خۆش کرد. گۆران "١٩٠٤-١٩٦٢" ڕۆڵێکی دیاری هەبوو لەو بزاڤە و شیعرەکانیشی لە رووی تەکنیکەوە نوێن. گۆران شاعیری قۆناغێکە، کە لە ڕەخنەی ئەدەبیی نوێدا، بەڕێبازی "ڕۆمانس-ریالیزمی" ناوزەد دەکرێت. لەو مەودایەشەوە چی لە رووی داهێنانی ناوەڕۆکی شیعری و چی لە رووی پاککردنەوەی وشە و بەخششی شیعر، هەوڵی دا شیعری کوردی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر بگوێزێتەوە.

**گۆران شاعیری قۆناغێکە، کە لە ڕەخنەی ئەدەبیی نوێدا، بەڕێبازی "ڕۆمانس-ریالیزمی" ناوزەد دەکرێت**

لە بواری باسکردنی دیوی دووەمی ڕۆشنبیریەتی"گۆران"یشدا. ئاشکرایە کە لەو رووەوە شارەزاییەکی باشی هەبووە لە ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکی

ڕۆژئاوایی. بەتایبەتی شیعری ئینگلیزی و بەرهەمەکانی "کیتس - بایرۆن - ووردزورث - گۆڵدسمیت" و زۆری تر. جگە لە شارەزاییەکی تەواو لە سیما و تووخیبەکانی ئەدەبی تورکیدا، لە ڕێگەی کۆمەڵەی "أدبای فجری اتی"یەوە.

کاریگەریبوونی گۆران بە ڕۆشنبیریی ڕۆژئاوای هاوچەرخ، هۆکارێکی بەهێز بوو لە سەرهەڵدانی بیری نوێکردنەوەی شیعر و گۆڕینی چەمکە شیعرییە کۆنەکە. سەرباری ئەوەی کە لە خەباتی سیاسیشدا ڕۆڵێکی گرینگی هەبوو. چەند جارێکیش لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەوساوە تووشی گرتن و ئازار و دەرکردن بووە و وەزیفە و گوزەرانی لێ تێکچووە. خاڵێکی لەوانەش گرینگتر ئەوەیە کە نەخۆشییەکەشی زیاتر باری دەروونیی تێکداوە و بە درێژاییی تەمەنی، هەستی بە ئازار و مردنێکی هێدی کردووە. ئەو پلەوپایەی کە گۆران لە بواری شیعردا هەیبوو. وای لێ کرد کە ببێتە نموونەی پێشەنگی ئەدگار و سیماکانی بزاڤی نوێکردنەوەکە.

لەم لێکۆڵینەوە و لەمیانەی شیکردنەوەی ناوەڕۆک و تەکنیکی دەقی" بۆ هیوای کوڕم"دا هەوڵ دەدەین ئەدگارە فیکری و تەکنیکییەکانی شیعری گۆران بخەینە ڕوو.

**یەکەم: پێشکێشکردنی دەقەکە**

هیوا، مەگری، هەنسکی نیوەشەو بەس هەڵدە، بەس بگری!
لە چاوی بێ قـــەرارم بۆچی دەرمـــانی وەنەوز ئەبری؟
کوڕی خۆم! کۆرپەڵەکەم! میوانی دنیای تازە خوڵقاوم!
ئەدا گـــریەت بە چەزبەی چز لە روحی پڕگـــلاراوم!
چییە ئەم گریە بێ غایە، کرووزەی نیوەشەو خورپێن؟
چییە ئەم قەترە وردانەی لە چاوت بێ مەئال دێن و ئەڕژێن؟
لەگەل ئەو خونچە ساوایەی لەسەر خەڵفی بەهار ئەڕوێ
چییە فەرقت؟ لەبەرچی ئەو هەتاکو سیس ئەبێ ئەنوێ؟
وەکو ئەو بەرخە بچکۆلەی کە هەر ئێستا لە دایک بوو،
لەبەرچی نەشـــئەی یاری هەڵت ناداتە ســـەر پاشـــوو؟
ئەڵێی ئەو زەرنەقـــووتەی پەپکەمـــار فـــەرشی هێـــلانەی:
چ ئێـــشـــێکە، کـــورم، بۆچی لە ســـەر ئەم هەڵکورووزانەی؟
چییـــە، توخـــوا چ ســـیـــرێکە وەها مـــەحکوومی گـــریانی،
کەتۆ هێشـــتـــا لە خەم ناگەی؟ لە مەعنای گریە نازانی؟

ئەگەر وەک باوکە حەسرەت دیدەکەت زەهرت بچێژایە؟
زەمان گەردی ئەمەلتی گشت بەدەم باوە بپێژایە،
لە ناو کلێپە و بڵێسەی نائومێدی و حەسرەتا یەکسەر،
بسووتایە بەهاری عومری جوانیت: هەم گوڵ و هەم بەر!
بەڵێ، رۆڵەم، ئەگەر وەک من کەمێک بەبەختیی ئیدراکیش،
لە تۆیشی رەش بکردایە، نەوەک شەو، رۆژی رووناکیش،
حەقت بوو عەرش بلەرزێنی بەناڵەی روحی پڕ ئێشت،
لە ئەستێرەی سەما بپژێنی فرمێسکی دڵی رێشت!
حەقت بوو ئەم هەموو گریانی نامەفهووم و بێ مەعنا:
زمانی بەسگ و تەقریری شکاتت بێ لە دەست دنیا !
حەقت بوو بێ وچان بگری بەسەر تاوانی باوکیما،
بەحەر پرکەی لە تف، بیدەی بە ناوچاوانی باوکیما!
بەلام، رۆڵەم، کە تۆ ئێستا لە فەجری زیندەگانیتای،
لەبەر دەرگای تەلیسمی بەختی مەجهوول و نیهانیتای،
بەچی مەعلووم بە شوێنی هیی منا ئەڕژێ چەمی عومرت؟
سەراسەر پێکەنین و خوڕەمی نابێ خەمی عومرت؟
بەڵی، بەرخم! ئەگەر چی هەر وەکو یەک ژینی گشت لایە
لە بەینی بێشکەو قەبرا، برینی عەینی رێگایە!
هەموو هەر قافڵەی بێ ئیختیاری سەر زەمینێکین
هەموو دێین و دەڕۆین تاکو ئەگەین، یەعنی ئیتر ئەمرین
وەلێ کۆچی ژیان کۆچێکی پڕ سیحر و پڕ ئەفسوونە:
لە یەک سەرچاوە دوو قەترە: یەکێ لێڵە یەکێ روونە!
هەیە وەک من بەسەر دڕکا ئەنێ هەنگاوی ئاوارە،
هەیە هیی وایش کە فەرشی ژێری پێی ئاورێشمی گوڵزارە!
ئەوەندی مەئیوس و مەلوول تاریک ئەکا دنیا،
ئەوەندەش نوور لە روحی شادەوە ئەڕژێ بە سەر سەریا!
کورم! هەر وەک لە ئوعجوبەی ژیانا بەختی بەد ئەگری،
شتێکیش -بەختیاری- پێکەنین گرتوویە چوار دەوری!

به خۆڕایی مەترسە، خەم مەخۆ، مەگری لە ئێستاوە!
بەچی مەعلووم کە چی لەو تەختی ناوچاوانە نووسراوە؟

گۆران لەم شیعردا وێنەیەکی راستەقینەی سۆزی باوکایەتیمان دەخاتە پێش چاو، کە لەو میانەیەوە خوێنەر دەچێتە ناخی ئازار و ژانێکی قووڵەوە. لەگەڵ "هەنسکی نیوەشەو"دا، دەنگێک جیهانی خەیاڵ لە ناخی شاعیردا والا دەکات. شاعیر بە سیزیف خۆی دەشوبهێنێ، کە خەمێکی زۆر گەورە و سۆزی باوکایەتیی لەسەر شان هەڵگرتووە. کەچی گریانی "هیوا" لەلای دەبێتە سەرەتای ژیانەوەیەکی تری خۆشەویستی و ئازار،چونکە گریان و پەیڤی شیعر لەلای شاعیری رۆمانتیکی «هاوتای خەم و ئازارە، هەروەکو چۆن هاوتای خۆشەویستیشە، هەردووکیشیان بەرەو جیهانێکی نادیار دەچن، کە لەسەر سنووری واقیع و خەیاڵ راوەستاوە، شاعیریش وا پەرۆشی ئەو جیهانەیە کە رەنگە بە مردن تامەزرۆکەی بشکێت»(١).

گۆران، بە لەدایکبوونی "هیوا" نەوەیەکی تر دەبینێ، کە خۆی بۆ ژیانێکی تر ئامادە دەکات. ئاخۆ دەبێت ئەو خۆئامادەکردنە چی تەمەنێک بێت، کە هێشتا لە جوغزی بەختێکی نادیار و چارەنووسێکی پەنهانیدایە.

بەلام رۆڵەم، کە تۆ ئێستا لە فەجری زیندەگانیتای
لە بەردەرگای تەلیسمی بەختی مەجهوول و نیهانیتای
بە چی مەعلوم بەشوێنی هی منا ئەڕژێ چەمی عومرت
سەراسەر پێکەنین و خوڕەمی نابێ خەمی عومرت(٢)

هەڵبەت خستنەڕووێکی ئاوا سەرپێیی شیعرەکە، هەموو سیما و ئەگەر بە وردی نەچینە نێو قووڵایی ناوەڕۆکی "دەق" و سایکۆلۆجییەتی شاعیرەوە، کە لەمیانەی زمان و وێنە و بەهای شیعرییەتی دەقەکەوە لایەنی تەکنیکی و دیدی شاعیر لە ئەزموونێکی زاتیی شیعریدا دەردەکەوێت. لایەنی مەعریفیی دەقەکە ناناسینەوە.

**دووەم: مەبەستەکانی دەقەکە**

دیاریکردنی سنوورێک بۆ خستنەڕووی هەر دەقێک، ئەگەر نەچینە قووڵایی سایکۆلۆجییەتی شاعیر و ناوەڕۆکەکەیەوە، دەقەکە شی ناکاتەوە. دەقی"بۆ هیوای کوڕم"یش چەند دەلالەت و پێشبینییەکی قووڵی لە خۆ گرتووە، کە لەمیانەی رووفەکردنی زمانی شیعرەکەوە دەردەکەوێت. زمانی شیعریی گۆران لەم دەقە شیعرییەدا نەوەک تەنیا خستنەڕووی فیکرە، یان مەبەستێکی شیعری بێت و بە تەنها کۆمەڵێک تایبەتمەندییەتیی

کردبێته بەر شیعرەکە، بەڵکو لە چوارچێوەی "بوونەی" لەدایکبوونی هیوادا کۆمەڵێک رەمز و هێما و بیری فەلسەفی پێشکێش دەکات.

بە مەبەستی تێگەیشتن لە دەقێکی وا، پێویستە خوێنەر رۆشنبیرییەکی فراوانی هەبێت و بشێت لایەنەکانی بیرو کەلەپوورو کولتووری مرۆڤایەتی لێک بداتەوە. ئەوەش لە زاراوەی رەخنەی نوێدا پێی دەوترێت "الظمأ الثقافي" و یەکێکە لە ئەدگارە سەرەکییەکانی مرۆڤی رۆشنبیر. چونکە شاعیر قسە لەگەڵ خوێنەری ئاسایی ناکات کە شیعر بۆ چێژێکی سەرپێیی بخوێنێتەوە، بەڵکو بۆ ئەو شیعردۆستەی دەنووسێت، کە شیعر لە سەرووی هەموو هونەرەکانەوە دابنێ و لەمیانەیەوە بروانێتە دنیای ئەپستمۆلۆجیا و رۆشنبیرییەکی باڵا. چونکە شیعر «وزە و سۆزێکە کە شاعیر لە قاڵبی دەقێکدا دای دەرێژێ و بەهاکەشی تێدا دیاری دەکات»(٢).

شیعری نوێش دیدێکی فیکرییە لەمیانەی مانا ناواخنییەکانیدا

گۆران لە ئەزموونێکی زاتییەوە دەست پێ دەکات. بەڵام ئەو ئەزموونە نە بەتەنیا خۆشییەکی بێ پایان و وروژانێکی رۆمانتیکییانەیە، بەقەد ئەوەی کە تواندنەوەیەکی روحییە لە نێو ئەزموونێکی مرۆڤایەتیدا، کە لە فەرهەنگی شیعری نوێدا مانای «دیالێکتیکی تایبەتی و گشتی-جدلیە الخاص والعام» دەگەیەنێ. بەو مانایەی ئەزموونەکە لە لای شاعیر، لە رێگەی موعاناتی زاتییەوە و لە نێو ئەزموونی سەرجەم مرۆڤایەتیدا خۆی دەبینێتەوە، چونکە لەدایکبوونی "هیوا" مانای مەرگەساتی سەرجەم منداڵانی دنیایە، کە لەگەڵ لەدایکبوونیدا «گریانی مەجهوول» و برسێتی دەیانگرێتەوە، بەدبەختی و تاڵیی ژیانی باوکیشیان سەرباری. بۆ نموونە گۆران لەم چەن دێرەدا ئەو بیرەی بەرجەستە کردووە:

چییە توخوا چ سیڕێکە کە وەها مەحکومی گریانی
کە تۆ هێشتا لە خەم ناگەی لە مەعنای گریە نازانی
ئەگەر وەک باوکە حەسرەت دیدەکەت زەهرت بچێژایە
زەمان گەردی ئەمەلتی گشت بەدەم باوە بپێژایە
لە ناو کڵپە و بڵێسەی نائومێدی و حەسرەتا یەکسەر
بسووتایە بەهاری عومری جوانیت هەم گوڵ و هەم بەر

ئەگەر دیدی گۆران ملکەچی دیالێکتێکی تایبەتی و گشتی بێت، ئەوا هاوکات لە ژێر رکێفی دیالێکتیکی "مردن و ژیان"دایە، کە نهێنیترین یاسای گەردوون و بوون بەرجەستە دەکات. لە شیعرەکانی گۆرانیشدا ئەو دوالیزمە بەرجەستە کراوە. هەمان ئەو فەلسەفەیەش

له شـــیـعـــرێکی تردا کــه ئـەزمــوونی مــردنـه به نـاوی "له سـەرەمەرگی هیـوادا" ،وەکو مرۆڤێکی ئـامـاده بۆ مردن خۆی دەنوێنێ. بەڵام چۆن ئـامــادەبوونێک، کـه تەسلیـمـبـوونه بەفەلسەفەی چینێکی کورتی نێوان لەدایکبوون و گۆڕدا.

بەڵێ، بەرخـم ئەگەرچی هـەر وەک یەک ژینی گـشت لایه
له بەینی بێـــشکه و قـــەبرا، بڕینی عـــەینی ڕێگایـه

هـەر ئـەو فـەلسـەفـەیەی ژیان لەلای گـۆران له مـیـانەی دەسـتـەواژەکانی"گریان، هەنسکی نیەوەشەو، میوانی دنیای تازه خەوخولَقام، خونچەی ساوا... هتد" بەرجەستـه کراوه و فەلسـەفەی مردنیش له "بسووتایه بەهاری عـومرت، بڕینی عـەینی ڕێگایه، یەعنی ئـیـتـر ئەمـرین" ڕوویەکی ڕەمـزی و هێــمـای جـیـا جـیـای تێـدا دیاره، هـەر له مـیـانەی ئەو فـەلسـەفـەیەشـەوه، ژیانی مـرۆڤ و خـۆشی و ناخـۆشی و بەدبەخـتـیـیـەکـەی پێـشان دەدات، چۆن بێگومـان شـاعـیـر هەڵگری مەشـخـەڵێکی مـرۆڤـایەتیـیـه و نوێنەری مـیللەته، گـەیشــتنی شــاعـیـریش بەو پلەوپایه له چوارچێـوەی ئەو پرۆســەیەدا دەبێت کـه "ئەدەب نکۆڵی له زاتی خـۆی دەکـات لەپێناو بەرهەمـدا، واته پرۆسـەکـه جـۆره "ڕێککەوتنێکه" بۆ پیشاندانی ویستی شاعیر و مۆرکه ئایدیۆلۆجییەکەی، هەتا ئەدەبەکه لایەنه مرۆڤایەتییەکەی له دەست نەچێت"(۳).

له شـیـعـری نوێدا چـەمکی " یەکێتیی ئۆرگانیزمی" سـیـمـایەکی دیاری فـۆرمی دەقـه

گۆران لـەگـەڵ " هیوا" دا به زمانی جـەدەلـیـیـەتی ژیـانێکی تـازەی هێشتا سـنـوور بۆ نەکێشراوه دەدوێت

**سێیەم: ناوەڕۆک و تەکنیکی دەقەکە:**

به خــــــتـنـەڕووی ناوەڕۆک و بـەهـای تـەکنیکی دەقـــه شیعرییـەکه، ناشێت پارچەکانی دەقه شیـعرییـەکه، لەیەک دابڕین و هـەر یەکه و به جیا له پارچەکانی تر، بیخـەینه سـەر باس و لێکۆڵینـەوه، لەبـەرئـەوەی شــیــعــری کــۆن پشت به یەکێتیی بەیت دەبەستێت، کەچی له شیعری نوێدا چەمکی "یەکـێـتـیی ئۆرگـانیـزمی" سـیـمـایـەکی دیاری فـۆرمـی دەقـه. یەکـێتی ئۆرگـانیـزمـیش واتا پێکەوه گـرێدانی ڕەگـەزەکـانی

ناوەڕۆک و فـۆرم و ئیـسـتـاتیکای نێـوان هـەر دەقـێکی شـیـعـری، بەوەی کـە هـەریەک لەو ڕەگەزانە لە ناو بۆتەی گشتیدا ئەرکێکی هەیە و ناشێت بەبێ فۆرم و وێنە و دەلالەتەکانی زمـانی شـیـعری، لە دەقێک تێ بگەین، هەروەها لە سـەرەتای دەقەکەوە هەتا کۆتاییـیەکەی دەبێت سەرجەم کۆی پارچەکانی شی بکەینەوە.

یەکێک لە ئەدگارەکانی شیعری نوێ لە چوارچێوەی فۆرمدا، کە لە شیعری کلاسیـزمیی جیـا دەکاتەوە. ئەوەیە کە دەقی شیعری نوێ لە رووی کێشەوە بەتەواوەتی پشت بە دەریا عەرووزیەکان نابەستێت، بەڵکو لەو کودەتایەی کە شـاعیران کردیانە سـەر ڕێبازە کۆنـەکە. گـۆڕینی ئەو کـێـشــانە بوو، کـە "برگـە" یان "کـێـشـی خـۆمـاڵی"، یان ناوبەناو کـێـشـی عـەرووزیشیـان بەکار دەهێنا. "گۆران جگە لە ڕەفتـارکـردنێکی هونەرییـانەی شارەزا لەگەڵ کێشەکانی فۆلکلۆردا، بە تێکەڵکردن و لێکدانی یەکە ریتمییـەکان، گەلێ لقی ڕەنگینی لەو کێشانەوە دەرهێناوە "(٤).

لە بواری عـەرووزیشـدا، هەرچەندە گـۆڕانکارییـەکـەی وەکـو ئەوەی فـۆلکلۆر نابیـنین، بە بەکارهێنانی "زیحاف""(*) و "عیللە""(**) "ەکان، گۆران شیاوە هەردوو ئاستی "سیمانتیکی و ریتمی" پێکەوە گرێ بدات. لەم نموونەیەدا، کێشەکە دەبێت بە هەزەجی هەشت هەنگاوی سالم، کە چی لە دێڕێک و چەند دێڕێکی هەمان دەقدا، بەگۆڕینی هەنگاوی "مەفاعیلون"ی "سـالم" بۆ "مەفـاعیـلانی" "موسـەببـەغ" توانیویەتی دەلالەتـی گەشـەکردن و ئاسـۆی ئایندە بە فـراوانی بەرجـەسـتـە بکات. واتا درێژکـردنەوەی هـەنگاوەکـە و فـراوانکردنەوەی داهـاتووی پێکەوە نواندووە.

لەم دێرە شیـعرەدا، کێشـەکە هـەزەجی هـەشـت هـەنگاوی "مـوسـەببـەغ"ە، کـەواتە دەقـەکە لەسەر کێشی هەزەجی هەشت هەنگاوی سالم یان موسەببەغە.

لە رووی وێنـەی شـیـعـریشـەوە، لە دەقـەکـەدا ئەوەمـان بۆ ئاشـکرا دەبێت، کـە گـۆران لە دەروازەی دیدێکی فـیکرییـەوە و لە ئاسـتـی ژیان و مـردنەوە وەکـو مـادەیەکی نوێ وێنە شیعرییەکان بەرجەستە دەکات. یەکێک لە ئەدگارەکانی شیعری نوێیش، تەعبیرکردنە بە وێنە کـە لە نێو جیـهـانێکی داهێنانیی خـەیاڵیدا پێشکێش بەخوێنەری دەکـات. بۆ ئەو مەبەستەش وتوویەتی:

ئەڵێی ئەو زەرنەقـووتەی پەپکەمـارە فـەرشـی هێـلانەی
چ ئێـشـێکە کـورم، بۆچی لەسـەر ئەم هەڵکوڕوزانەی

ئەم نموونەیە باشترین بەڵگەی چەمکی "ژیان – مردن" و "شادی – خەم"ە لە لای گۆران.

لێکچواندن لە نموونەکەدا بۆ مانای خەوە، وشەی "ئەنوێ" بە واتای فەرهەنگی بەکار نەهاتووە. لێرەدا خوازەیە و نیشانکراوی دووەمی "شادی"یە. "هەتاکو سیس ئەبێ" درکەیە و واتای شاراوەی "تەمەن"ە. بە کورتی گۆران دەیەوێت بڵێ: جیاوازیت لەگەڵ ئەو خونچەیەدا چییە، کە لە ماوەی تەمەنیدا بەشادی و ئارامی دەژێ و تۆیش هەر لە گریان و ناخۆشیدای، یان لە دێری یەکەمدا، "هیوا"ی بە "زەرنەقووتە"ی باڵدارێک لێکچوواندووە، کە هێلانەکەی لەسەر پەپکەی مارێکدا داناوە و چاوەڕوانی چارەنووسێکی نادیار دەکات.

لە رووی زمانی شیعریشەوە. زمانی دەقەکە زمانێکی پاک و شیعرییە، کەچی هەندێک جار وا لە خوێنەر دەکات. پێکوڵی مانا و هێماکانی بکات. چونکە بە حوکمی ئەوەی کە زمانی شیعر لە زمانی قسەکردن جیایە و «موڵکی هەژانی شیعرییە، کە پرۆسە سیحراوییەکەی شیعر لە سەروەرکردنی زمان و پشکۆی روح و دیدی شاعیرەوە دەخوڵقێنێ»(٥).

بۆیە داوا لە خوێنەر دەکات بە وردبینیەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات. چونکە دەقەکەش زیاتر بۆ ناو بەرجەستەکردنی حاڵەتێکی دەروونی هەڵچووە و رۆچووە. هەڵبەتە پێویستی بەدەستەواژە و مانای قووڵتر هەیە، لەوەی کە شاعیرێک بۆ بۆنەیەکی خۆشی، وشەی تایبەت بەو هەستە بەکار دەهێنێ کە زیاتر ناخی مرۆڤ بەرەو ئەو ریتمانە کێش دەکات، کە پیتەکانیان لە زمانێکی تایبەتییەوە بەرەو بوونەوەرێکی پڕ لە مانا و دەلالەتی خۆشی و پێکەنین دەبن. کەچی دەمێکی ئاوا پڕ لە سۆز و شعوری بێ چارەنووسی و نادیاریی جیهانی کۆرپەیەک لە لای باوکێکەوە، مانای هەموو شتێک دەگەیەنێت. ئەزموونێکی واقعییە و تەعبیر لە ماناو هەست و نەستی مرۆڤایەتی دەکات. کاتێک گۆران لەگەڵ "هیوا"دا بە زمانی جەدەلییەتی ژیانێکی تازەی هێشتا سنوور بۆ نەکێشراوە دەدوێت. ئەوە خۆی لە خۆیدا بەرجەستەکردنی بابەتێکی دیالێکتی گشتییە و پشت بە سیمای زمانە شیعرییەکە و وێنەکانی دەبەستێت. بەو مانەیەی کە گۆران هەموو دەلالەتەکانی لەمیانەی دوو دژدا بەکار هێناوە. ئەوەش یەکەیەکی هەماهەنگی لە زمان و وێنە پێک دەهێنێت، بۆ نموونە کە وتوویەتی:

بەچی مەعلووم بەشوێنی هی منا ئەڕژێ عومرت؟
سەراسەر پێکەنین و خورڕەمی نابێ خەمی عومرت؟
بەڵێ، بەرخم، ئەگەرچی هەروەک یەک ژینی گشت لایە
لە بەینی بێشکە و قەبرا برینی عەینی رێگایە

واتا زۆر جار ئامێتەیەکی گونجاو لە نێوان لە فزەکاندا بە شێوازێکی ستاتیکیی سیمیۆلۆجییانە لە نێوان دوو سات یان دوو دیمەنی جیاوازدا دروست دەکات. ئەوەش شێوازێکی شیعریی تازەیە و دیدی شاعیر پیشان دەدات لە بنیاتنانی دنیایەکی واقعیدا. هەر ئەوەشە بە "هیوا" رادەگەیەنێت، کە ئەم ژیانە دوو جەمسەری بوون و نەبوونی "مان" و "مردن"ە و ئەو دارِشتنە و شێوازە جیاوازانەش، کە لەمیانەی مانای دوو فەلسەفەوە دێنە کایەوە، ئاوێنەی خودی شاعیرن. هەروەکو سارتەر دەڵێت: «ئەوانە ئێمەن، خورپە و فێڵەکانمان بەرجەستە دەکەن»(٦).

پەراوێزەکان:

(١) روز غريب، تمهيد في النقد الحديث الطبعة الاولى، بيروت، آب ١٩٧١، ل ٢٩٣.

(٢) اليزابيث درو، الشعر كيف نفهمه ونتذوقه، ت: محمد ابراهيم الشوش، بيروت – نيويورك، ١٩٦١، ل ٨٤.

(٣) يمنى العيد معرفة النص، الطبعة الثالثة، بيروت، ١٩٨٥، ل٧٥.

(٤) د. محەمەد بەکر محەمەد، بنیاتە ریتمییەکانی شیعری نوێی کوردی، کۆواری کاروان، ژمارە ١٢٣، ل ١٦.

(*) زەحاف یەکێکە لە راوێژەکانی عرووز، "زەحف" کە خشانە لە بناغەدا لە زانیاری عرووزدا ئەوەیە کە ئەجزای ئەسڵیی لا دەدرێ، واتە زیادە و ناتەواوی تێیدا پەیدا دەکرێ، ئەمانەش هەندێکیان پێیان دەڵێن زەحافی "مفرد"، هەندێکیان بەزەحافی "مرکب" ناو دەبرێن، ل ١٢٠ – ١٢١.

(**) عیللە: لە عرووزدا گۆرانێکە کە لە ئاخری تەفعەلەوە دەبێ کە لە "عروض – عرووز"ە کە یا هەبوو دەبێ لە "ضرب – زەرب"ە کەشیان هەبێت دیسان ئەم عیللەتە ئەگەر لە عەرووز وەیا زەربی یەکەمی بەشی قەسیدەکەدا هەبوو دەبێ لە هەموو قەسیدەکەدا بێتەجێ. ئەم عللەتەش دوو جۆرە، عللەتی زیادە و عللەتی ناتەواوە، عەلائەدین سەجادی، بەغدا، ١٩٦٩.

(٥) د. علي جعفر العلاق، في حداثة النص الشعري، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد ١٩٩٠، ل ٢٧.

(٦) د. عبدالحميد جيدة، الاتجاهات الجديدة في الشعر العربي المعاصر، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٨٠، ل ٣٥٠.